# جیهانبینی راستگۆیی بەرامبەر چارەنووس:

# قازی و سوقرات

**فلک الدین کاکەیی**



(١)

قازی.. مەبەستم پێشەوای شەهید قازی محەمەدە، سەرۆکی یەکەم کۆماری کوردستان -١٩٤٦، کە دەیتوانی جەستەی خۆی لە سێدارە رزگار بکات، بەڵام لە مردن نەترسا و لە مەهاباد مایەوە، هەرچەندە دەیزانی کە دەسەڵاتی رژێمی شای ئێران لەو سەردەمەدا (١٩٤٦-١٩٤٧)، دەیگرن و دەیکوژن.

دەمەوێ لەمەڕ ئەم جیهانبینییە بدوێم، کە ئەم مرۆڤە بلیمەتانە چۆن بە ئارامی و هێمنی خۆیان بە دەستی چارەنووسی خۆیانەوە دەدەن.

ئەم جیهانبینییە تەنیا لە فەیلەسووفان و ئینسانە مەزنەکاندا، دەوەشێتەوە نموونەیەکی بەر لە پێشەوا قازی، چارەنووسی (سوکرات)ی فەیلەسوفی بەناوودەنگی یۆنانییە، کە لە دادگایەکی نارەوادا و ملکەچی لە ئاستی یاساو ئەو سزایەی بەسەریدا سەپێنرا (هەرچەندە سزایەکی ستەمکارانەبوو) و، چاوەڕوانی بە ئارامی مەرگ، لە شێوەی دادگای پێشەوا قازی و وەڵامەکانی بەرامبەر بە مەرگ، دەچێت.

(سوکرات) نزیکەی ٤٠٠ ساڵ پێش زایین ژیاوە، واتە بەر لە ٢٤٠٠ ساڵ، رووناکبیرێکی زانا و بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە، ئەفلاتوون فەیلەسووفێکی دیکەی یونانستانە، کە قوتابی (سوکرات) بووە، چەندین بەرهەمی گرنگی دەربارەی بیروڕای مامۆستاکەی نووسیوە، لەوانەش کتێبی (سوکرات لەبەردەم دادگا دا)، شەهید (شاکر فەتاح) لە عەرەبییەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوە، ساڵی ١٩٦٨، لە سلێمانی، لەلایەنی چاپخانەی کامەرانەوە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەو کتێبە، بە زمانی شیرینی شاکر فەتاح، سەرچاوەیەکی ئەم وتارەمە، لەگەڵ یەک دوو سەرچاوەی تر، کە باسیان دەکەم.

ئەوەی لەلام گرنگە، شاکر فەتاحیش، وا پێدەچێت، هەمان جیهانبینی سوکرات و قازی، دەربارەی ژیان و مەرگ هەبووە. ئەویش فیداکاری راستگۆیی خۆی بوو. ئاداری ساڵی ١٩٨٨، لە کۆڕێکی هەولێر بە دەنگێکی بەرز ناوی (پێشمەرگەی)ی هێنا و بە نوێنەری راستەقینەی کورد و کوردستانی زانین، لە وەختێکدا، کە رژێمی بەعس قەت ئەو لەو بۆچوونانە رازی نەبوو، بە «کوفر» و «خیانەت»ی دەزانی.

شاکر فەتاح، رەنگە توانیبای لە چارەنووسی خۆی رزگار بێ، هەروەها، دوای وتارەکەی، زانیوویەتی کە دەسەڵاتی بەعس سزایەکی قورسی دەدا، تا ئەگەری کوشتنیشی هەبووە. بەڵام ئەو بە ئارامی و هێمنی لە ماڵ دانیشتووە، تا یاساوڵەکانی رژێم هاتوونە و بردویانە، ئیتر هەر ئەو بووە، بە زیندوویی نەگەڕایەوە.

(٢)

ئێوارەی ٢٠٠٧/٤/٥: هێشتا ئەم وتارەم تەواو نەکردبوو، دوو وتاری دیکەم، لە هەمان بواردا بیست.

ئەمەیان رووداوێکی سەرنجڕاکێشە، کە ٣ کەس، لە هەمان کاتدا، بێ ئەوەی لە یەکتر ئاگادار بن، یەک بابەت لە یەک روانگەوە بووروژێنین.

من لە بەرەبەیانی ٤/٤ەوە ئەو بیرۆکەم بۆ هات، تا بەراوردی شێوەی چارەنووسی سوکرات و قازی بکەم، چەندین نموونەی دیکە بهێنمەوە.

دوای کاتژمێری ١٠ی بەیانی ٢٠٠٧/٤/٥ لە هۆڵی رۆشنبیری دووەمین رۆژی فیستیڤاڵی (کۆماری کوردستان)مان بەڕێوە دەبرد، کە دوو وتاربێژ لە بەشداربووان ئاماژەیان بۆ هەمان بەراورد کرد.

یەک: بەڕێز حوسێن یەزدانپەنا باسی لە هاوشێوەی چارەنووس و جیهانبینی مەسیح و سوکرات و قازی، کرد: کە چۆن، هەرسێکیان بە ئارامی بە پێشوازیی مەرگەوە چوون و هەرسێکیان لەوەدابوون کە بە قوربانیدانی خۆیان خەڵک رزگار دەکەن، و هەرسێکیان لە دوژمنەکانیان داوای لێبوردنیان نەکرد و نەپاڕانەوە و نەکرووزانەوە و، بوێرانە، بێ هیچ ترس و شڵەژانێک، چوونە پێشوازی هەڵواسینی مەرگ، هەر یەک بە جۆرێک: ئەم بە چوونە سەر خاچ، ئەوی دیکە بە ژارخواردنەوە، سێهەمیش بە پەتی سێدارە.

دوو: لە هەمان دانیشتندا، بەڕێز بەهزادی خۆشحاڵی، لە شاری سنەوە، وتارێکی لە کۆڕەکەدا خوێندەوە، سەراپا دەربارەی بەراورد لە نێوانی قازی و سوکرات بوو، کە چۆن وەکو یەک لە پێش دادگادا بەرگرییان کردووە و، چۆن بە ئارامی بە چارەنووسی خۆیان رازی بوونە و، خۆیان بە دەستی مەرگەوە داوە، تەنانەت روانگەیان دەربارەی مردن و (ئەودیو)ی ژیان، یا (ئەو دنیا)، زۆر لێکچووە.

کاک بەهزاد، وتارەکەی بەشێوەیەکی پوختر و جوانتر لە من داڕشتبوو، ئومێدەوارم خوێنەری ئەم وتارە دەرفەتی خوێندنەوەی وتارەکەی ئەویشیان هەبێ. دڵنیام نە ئەوان ئاگاداربوون من چی دەنووسم. نە من لە هی ئەوان ئاگاداربووم. من بەر لەوە لەگەڵ کەس بیرۆکەی خۆم باس نەکردبوو. لەوانیش ئاگادار نەبووم.

کەواتە رێککەوتنێکی فیکرییە. زۆرجار هەیە چەندین کەس یەک بیرۆکەیان بۆ دێ. زۆر جاران بیرم کردووەتەوە و هەوڵم داوە لە نهێنی ئەم جۆرە مەرگە تراژیدییانە تێبگەم، بۆچی مرۆڤی وەها هەیە، کە لە کاتێکدا، دەرفەتی رزگاربوونی هەیە، ناچێت لە مەرگ دەرباز بێ، بەڵکو چاوەڕوان دەمێنێتەوە تا بەپێی خۆی بە پێشەوازیی مەرگی تراژیدیاوە بچێت؟! هێشتا لەو نهێنییە نەگەیشتووم، زەحمەتیشە پێی بگەم.